مەندلاوی: ئەنجومەنی نوێنەران لەگەڵ زیادکردنی پشکی پارێزگاکانی باشووری عێراق



سەرکی ئەنجومەنی نوێنەران بەڵکالەت موحسین مەندلاوی ئەمڕۆ سەشەممە، جەختیکردەوەلە گرنگی پێکهێنانی ژووری کانی ئێپراسیۆن لێنەوان پەرلەمانتارێکان و حکومەتە خەجێیێکان بەمەبەستی هاوکاریکردنی هاووڵاتیان.

نووسینگەی هاگیاندنی مەندلاوی لەبەیاننامەیێکدا رایگەیاند:- کە مەندلاوی لەمیانەی پێشوازیکردنی لە شێخ وسەرۆک هۆزانی پارێزگای دیوانیە بەئامادەبوونی پەرلەمانتار محمد نوری جەختیکردەوەلەوەی کە دیوانیە پارێزگایێکی دەوڵەمەندە بە داهاتی کشتووکاڵی وچەندین ساڵە پەراوێزخراوە و پێویستی بە خزمەتکردن هەیە.

مەندلاوی داوای کرد کە چەند ژووریکی ئێپراسیۆن لەسەرانسەری عێراقدا دابمەزرێنرێن لێنەوان پەرلەمانتاران و پارێزگاکاندا بە شارەزابوون لە پەداویستیکانی ئەو پارێزگایانە.

وتیشی کە ئەنجومەنی نوێنەران پشتیوانی دەکات لە زیادکردنی بودجەی پارێزگاکانی باشووری وڵات.